# لە پێوەند بەوتارەکەی ٤ی ئەیلول نامەیەکی کراوە بۆ ڕێزدار سەرۆکی کوردستان

رێکار ئەحمەد

بەڕێز کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان!

سڵاوی رزگاری و سەرخۆبوون.

رۆژی ٤-٩-٢٠٠٧ لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان دا وتەیەکتان پێشکەش کردو گەلێک پرسی گرنگتان وروژاند، هەروەها بەرسڤی پرسیاری هەندێک لە ئامادەبووانت دایەوە، من وەک تاکێکی کوردستانی و پێشمەرگەیەکی دێرین بە مافی رەوامی خۆمی دەزانم چەند سەر خەتێک لە وتەکانی جەنابی سەرۆکی کوردستان بخوێنمەوە، بەڵام ناچارم وەک نامەیەکی کراوە بڵاوی بکەمەوە، چونکە پێشتر دەیان نامەمان رەوانە کردووە و وەڵام نەدراوینەتەوە، جا یان لە کۆسپەکانی سەر رێگەدا گل دراونەتەوە یان ئەوەتا وەڵام دانەوەیان بە گرنگ و پێویست نەزاندراوە!!

### رێککەوتنی ستراتیژی

گومان لەوەدانیە کە هەر کوردستانییەکی دڵسۆز دڵی بە رێککەوتنی ستراتژی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خۆش بووە، چونکە لەبەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان دایە کە دوو هێزی گەورەو کاراو فەرمانڕەوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە کەڵەکە بووەکانی مێژینەیان زمانی دانوستاندن و رێککەوتن و هاوپەیمانێتی سەر پشک بکەن، متمانە بەیەکتر کردنیش باشترین هەنگاو دەبێ بۆ بەرەوپێشەوەبردنی کوردستان کە زێدو نیشتمانی هەمووانە، بەڵام بەڕێزتان لە وتارەکەتاندا بە وشەیەکیش باستان لە چارەنووسی ئەو گیراوانەی ساڵانی شەڕی نێوەخۆ نەکرد کە بنەماڵەکانیان بە تاسەوە چاوەڕوانیان دەکەن، هەروەها ئاماژەتان بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەس و لایەنانەش نەکرد کە بەوهۆیەوە زیانیان لێکەتووە.

### لەشکری کوردستان

پێکهێنانی لەشکرێکی کوردستانی کە تەواوی رۆڵەکانی گەلی کوردستان لەخۆی بگرێ و لەلایەن حزبەکانەوە قۆرخ نەکرێ تاکە ئومێدێکی داهاتوویکی پرشنگدارە، هەروەها خانەنشین کردنی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەیلداری حزبایەتی خزمەتێکی گەورە بە داهاتوومان دەکات، بەڵام ئێستا سەدان کەسی سەرمانەدیوو لەسەر خەرمانی خەباتی پیرۆزیی پێشمەرگەیی دانیشتوون و مووچە وەردەگرن، کەچی دەیان کەسی خاوەن پێشینەی خەبات کە خۆنەویستانە بۆ سەرخستنی دۆزی رەوای کوردستان تێکۆشاون پەراوێزخراون و پێوانەی ئەو چەکدارانەشیان بۆ ناکرێ کە لە فەوجە سووکەکان دا دژ بە جولانەوەی گەلەکەی خۆیان دەست بەکاربوون!!

### زمانی نووسین و خوێندن

بەڕێزتان لەسەر زمانی خوێندن و نووسین راوەستان، پێموایە زۆرینەمان لەگەڵ بۆچوونەکانی بەڕێزتان دا هاورامانین، بەڵام ئەوە حزبەکانن کە چەند زاراوەییان زەق کردۆتەوە، بەمەبەستی بەرفراوانکردنی بنکەی جەماوەری خۆیان سەدان بنکەو سەنتەری رۆشنبیریان کردۆتەوە، بڵاوکراوەی جۆراوجۆری ناوچەگەرێتی دەردەکەن.

بە فەرمی ناساندنی زاراوەیەک بۆ زمانی نووسین و خوێندن تەنیا بریارێکی سیاسی دەوێ، ئەمەش لە دەستەڵاتی ئێوەی بەڕێز دایە، بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێ شوێن پێی دەیان نەتەوەی دیکە هەڵبگرینەوە.

### ئاسایشی کوردستان

ئاسایشی کوردستان بۆ هەمووان گرنگ و پێویستە، بەڵام کاتێک دەگوترێ ئاسایش لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکەوە دادەنێین واتای ئەوەیە کە دەرگەیەکی گەورە بۆ پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەکرێتەوە، ئەو کاتە لەپەنای خەمخۆری بۆ چەسپاندنی ئاسایش و هێمنایەتی دەیان پێشێلکاری ئەنجام دەدرێ، دەیان کەس لە زیندانەکان رادەگیرێن و ئەشکەنجە دەدرێن، هێزەکانی ناوەخۆ دەست ئاوەڵا دەبن تا بە ئارەزووی خۆیان رەفتار لەگەڵ خەڵک دا بکەن.

### دۆزینەوەی دەرفەتی کار

دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران ئەرکی هەرە لەپێشی حکومەتە، بەڵام کاتێک حکومەت بۆ خۆی رێگە بۆ کۆمپانیاکان خۆش دەکات تا بچن کرێکاری بیانی بهێنن دەبێ چاوەڕوانی وەڵام لە کێ بکرێ؟! کاتێک لەبەر کارمەندو مووچەخۆری بندیوار دەرچووانی زانکۆ دانامەزرێندرن و داوای پشتگیری حزبیان لێدەکرێ، ئاخۆ لاوان چ هەڵوێستیان دەبێ وچۆن بیر لە کۆچکردن بەرەو هەندەران ناکەنەوە؟! لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێزتانیش باش دەزانن کە حزبەکان بارگرانی و مشەخۆری و بندیوارانەیان داهێناوە، بەرپرسەکانیش لەم رەوشەی ئێستادا بەرپرسیارن چونکە بۆ خۆیان تەنیا پسپۆریان لە ماسی خواردندا بەرەو هەوراز دەبەن، هەرگیز نەبیر لە گرتنی ماسی دەکەنەوەو نە کەسوکاری خۆشیان فێری ماسی گرتن و ماسی فرۆشتن دەکەن!!

### رۆڵی راگەیاندن

زۆرینەمان لەگەڵ بەڕێزتان دا هاوراین و دەزانین کە رۆڵی راگەیاندنی کوردستان باش نیە، بەڵام ئایا کێ تێیدا بەرپرسیارە؟! ئایا راگەیاندنی کوردستان درێژەپێدەری راگەیاندنی سەردەمی شەڕی نێوەخۆ نیە؟! ئایا کێن ئەوانەی بەمەبەستی ناوزڕاندن و ریسواکردنی بەرانبەر پارە بۆ ماڵپەڕە ئەلەکترۆنیەکان هەڵدەڕێژن؟!

من وەک کوردستانیێک و وەک رۆژنامەوانێک خۆشحاڵم کە دەبینم بەڕێزتان سنوور لە نێوان نووسینەکان دادەنێن، رەخنەی بنیاتنەرو رووخێنەر هاوێر دەکەن، بەڵام جەنابی سەرۆک بەکارهێنانی دەستەواژەی جاش قەڵەم لە جێگەی خۆی دانیە، چونکە ئەوانەی جاران بە تفەنگ جاشایەتیان دەکرد لەگەڵ دەستەڵات دابوون و سەنگەری دژایەتیان لە بزاڤی رزگاریخوازی و خەڵکانی نارازی گرتبوو، بۆیە دەستەواژەی جاش قەڵەم لەسەر ئەو کەسانە دا ساغ دەبێتەوە کە ئێستا لەسەنگەری دەستەڵات دان و رەفتارو سیاسەت و بەرنامەکان ئارایش دەکەن، راستیەکان دەشێوێنن و ناهێڵن دەنگی جەماوەر بە سەرووی خۆیان بگات.

بەڕێز جەنابی سەرۆک! ئەگەر بە دوای شوێنی کارکردنی ئەو کەسانەدا بگەڕێین کە دوێنێ بە تفەنگ و بە قەڵەم لە خزمەتی رژێم دابوون، دەبینین ئێستاش هەر لە خزمەتی دەستەڵات دان و لە سەنگەری ئۆپۆزیسیۆن دا جێگەیان نابێتەوە، هەر ئەوانەشن کە دەیانەوێ دیوار لەنێوان سەرکردایەتی و کوردستانیان دا دروست بکەن.

من وەک رۆژنامەوانێک پێموایە کە دەبێ راگەیاندن هەردوو لایەنی چاک و خراپ ببینێ و قسەیان لەسەردا بکات، هەوڵی لە قاودانی خراپەکان بدات و بۆ زۆرکردنی باشەکانیش تێبکۆشێ، بەڵام من پێموایە کە دەبێ راگەیاندن چاودێری راستین بەسەر کارەکانی دەستەڵاتداران دا بکات، هەروەها دەبێ دەستەڵاتدارانیش کارەکانی راگەیاندن بە هەند وەربگرن و لێی بترسێن، ئاخر ئەوەی نەترسێ پێشناکەوێ، ترس بە واتای هەوڵدان بۆبردنەوەی کێبەرکێ نەوەک بۆ پاراستنی گیان و بەس !

بەڕێزم! ئەگەر راگەیاندنتان وەک دەستەڵاتی چوارەم لەلا پەسندبێ دەبێ بزانین کە جاری وا هەیە تاکە هەواڵێک حکومەت هەڵدەوەشێنێتەوە، جاری وا هەبووە بەهۆی نووسینێکەوە سەرۆکی حکومەت یان وەزیرەکانی دەستیان لەکار کێشاوەتەوە، ئێستاش زۆر ئاساییە کە ئەگەر گەندەڵیەکان کۆتا نەکرێن و هاوێرکاری و جیاکاری درێژەیان پێبدرێ ئیدی راگەیاندن تەنگ بە دەستەڵاتداران هەڵدەچنێ.

### تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکان

تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکان لەلایەن دروسێکانەوە جێگەی سەرسوورمان نیە، چونکە ئەوان بە درێژایی ساڵانی رابردوو لەسەر ئەمە مەشقیان کردووەو راهاتوون، ئەوان کە دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان لەشکرکێشی بۆ نێو خاکی کوردستان بکەن و کەسیش پێی نەدەگوتن لە پشت چاوتان دوو برۆ هەیە، ئیدی بۆ کاتێک ناوچە سنووریەکان تۆپباران دەکەن ئێمە دووچاری سەرسوورمان ببین!!

من بە دڵنیاییەوە دەڵێم تا ستراتیژێکی نەتەوەیی دانەڕێژرێ و گوتارێکی سیاسی هاوبەش سەرپشک نەکرێ و تەواوی هێزە کوردستانیەکان لە دەوری ئەو گوتارەدا کۆنەکرێنەوە کێشەو گرفتەکانمان گەورەتر دەبنەوە کە ئەمەش بارە گرانەکەی لە ئەستۆی سەکردایەتی سیاسی کوردستان دەکەوێ.

بەڕێز جەنابی سەرۆک! لەوەڵامێکدا باسی گرفتی ئاسیا سێڵ و کۆڕەک تەلەکۆمتان کرد، فەرمووتان من نازانم ئاسیا سێڵ و کۆڕەک چین!! دیسانەوە من وەک تاکێکی کوردستان دەڵێم ئەرکی سەرۆکی کوردستانە کە ئاگای لە بچوکترین شت هەبێ، گریمان سەرۆک لەبەر سەرقاڵی ئاگای لەو خێزانە بێ شوێنانە نیە کە لە کەلاوەکان و گۆڕستانەکان دا دەژین!! گریمان سەرۆک ئاگای لەو پۆلە منداڵە نیە کە بۆ بژێوی رۆژانەیان ناچار دەکرێن دەرزە بکەن!! گریمان سەرۆک ئاگای لەو گوندیانە نیە کە زەویەکانیان لێ داگیرکراوەو رێگەیان پێنادرێ بگەڕێنەوە سەر زێدی باب و باپیرانیان!! گریمان سەرۆک ئاگای لەو کەسانە نیە کە شەوانە لەبەردەم بازگەکاندا رادەگیرێن و رێگەیان پێنادرێ بۆ نێو شارەکەی خۆیان بگەڕێنەوە!! گریمان سەرۆک ئاگای لەو رەفتارانە نیە کە بازگەکان لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا دەینوێنن!! گریمان سەرۆک لەبەر رەشی جامەکانی سەیارەکانیەوە ئەو کۆشک و ڤێللاو بەنزینخانەو کۆمپانیایانە نابینێ کە لەسەر رێگەی هاتنی بۆ هەولێر قوت کراونەتەوە!! گریمان و گریمان و گریمان... بەڵام ناکرێ سەرۆک ئاگای لەو دوو ئەژدیها نەبێ کە خەریکە هەموو کوردستان هەڵدەلووشن؟!

گوتمان بارەگای سەرەکی ئاسیاسێل لە شاری سلێمانیەو سەرۆک ئاگای لێی نیە، بەڵام بارەگای سەرەکی کۆمپانیای کۆڕەک تەلەکۆم لە نزیک شوێنی کارکردنی سەرۆک بێ و بتوانێ لە ئوردەن دا کۆنتراکتی یەک ملیار دۆلاری بباتەوە و سەرۆک ئاگای لێ نەبێ!! ئەمە جێگەی رەخنەو پرسیارێکی گەورەیە.

بەڕێزم جەنابی سەرۆک! کورد دەڵێ زگی تێر ئاگای لەبرسی نیە، ئێستا کتومت وایە، ئەوەی بە چرکە کارەبای ماڵەکەی ناکوژێتەوە ئاگای لە خەمی ئەوانە نیە کە بێ کارەبان و پارەی ئەوەشیان نیە کە کارەبای مولیدە رابکێشن!!

بەڕیز جەنابی سەرۆک! راست دەفەرمووی کە هەموو کوردستانیان خاوەنی ئەو دەستکەوتانەن کە ئەمڕۆ بۆ هەندێک خێری زۆری داوەتەوە بەڵام دڵنیابە کە تەنیا بەرپرسیارەکان و حزبە دەستەڵاتدارەکان لە کێماسی و گەندەڵی و شێواویدا بەرپرسیارن.

بەڕێزم نەک هەر کەمتەرخەمی زۆر لە ماددەی ١٤٠ کراوە، بەڵکو کەرکوک بۆتە گۆڕەپانێکی بەرفراوانی کێبەرکێ و ململانێی حزبایەتی تەنیا کاری نیشتمانی و نەتەوەیی تێدا ناکرێ، ئەمەش وایکردووە کە کەرکوکیەکان هەناسەسارد دابنیشن و بێ هیوا لە داهاتووی خۆیان بڕوانن. جاران دەگوترا کە هەرگیز دواخستنی ماددەی ١٤٠ پەسند ناکەین، بەڵام ئێستا هەموو کەسێک دەزانێ کە بریار لە دواخستنی ماددەی ١٤٠ و بەڕێوەبردنی ریفراندۆم دراوەو بە پێچ و پەناوە هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێتەوە.

بەڕێزم جەنابی سەرۆک! بە پێویستی دەزانم باس لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبیەوە بکەم چونکە کاتێک ویلایەتی موسڵ بەعێراقی عەرەبی لکێنرا کەس نەیگوت عێراقی عەرەبی باشووری کوردستانی داگیرکردووە بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و شێوازی رەفتارکردن لەگەڵ خەڵکی ویلایەتی موسڵ شێوەی داگیرکردنی ئاشکرای وەرگرت، ئێستاش ئەگەر حزبەکان بە هەڵبژاردن گەیشتوونەتە دەستەڵات دەبێ بزانین کە دانانی سەندوقی دەنگدان هەموو هەڵبژاردن و سەرکەوتن و دیموکراسی نیە، راستی دیموکراسی ئەوەیە کە دەرفەتی وەکهەڤ بۆ لایەنە هاورکەکان برەخسێندرێ، چاوسوورکردنەوەی تێدا نەبێ و لەجیاتی دیتران فۆرمەکان پڕ نەکرێنەوە و سۆزو بەڵێنەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێن، ئاخر هەمووومان لە بیرمانە کە یەکەمین پەرلەمانی کوردستان لە جیاتی ساڵێک تەمەنی خۆی بۆ ١٣ ساڵ درێژ کردەوە، هەروەها دووەمین پەرلەمانیش لە جیاتی ساڵێک تەمەنی خۆی بۆ ٤ ساڵ درێژ کردۆتەوەو ناشزاندری بەمەندە دڵی ئاو دەخواتەوە یان نا، بۆیە دەبێ دان بەو راستیەدا بنێین کە ئەگەر بە هەڵبژاردنیش بێ ئێستا شێوەی خۆ سەپاندنی ئاشکرای وەرگرتووە.

بەڕێزم سەرۆکی کوردستان!! تۆش دەگەڵ مندا هاوڕایت ئەگەر دەڵێم مەرجی سیستەمی دیموکراسی ئەوەیە کە لە ناخەوە باوەڕ بە دەستاودەستکردنی دەستەڵات بهێنرێ، گیانی خۆسەپاندن و پاوانخوازی و هاوێرکاری بنبڕ بکرێ، بەڵام کاتێک هەر لە دەستپێکدا دەزانرێ حزبەکان بەشیان لە پەرلەمان چەند دەبێ و کێ پۆستی سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان وەردەگرێ و نابێ فڵانە حزب بگاتە پەرلەمان ئەمە خۆی لە خۆی دا پرنسیپی دیموکراسی دەسڕیتەوە.

بەڕێزم سەرۆکی کوردستان! من رۆژێک لە رۆژان سەربازی و چەکداری و جاشایەتیم بۆ رژێمیە داگیرکەرەکان نەکردووە و تاکە نووسینێکیشم لە رۆژنامەکانی رژێم دا بڵاونەکردۆتەوە، ئێستاش بە یەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم کە بەویژدانەوە رەخنە لە کێماسیەکان بگرم و گەندەڵیەکان لە قاوبدەم و بانگەشەی گۆڕان و چاکسازی بکەم، ئێوەی بەڕێزیش سەرپشکن لەوەی لەکامە سەنگەردا پۆلێنمان دەکەن.

# رۆژنامەی گاردیەن: ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئێران وەڵامدانەوەی بە مووشەک لە ئارادایە!

رۆژنامەی "گاردیەن" چاپی بەریتانیا، لە بابەتێک دا باس لەوە دەکات کە پەرەسەندنی کێشمەکێشی ئێران و ئەمریکا لە سەر بەرنامەی ناڤۆکی تاران و پشتیوانی سوپای پاسداران لە هێرشە تیرۆریستیەکانی عێراق، ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکای بۆ سەر ئێران لە سەر مێز دا هێشتۆتەوە.

گاردیەن دەنووسێ کە "زۆربەی چاودێرانی سیاسی رۆژهەڵاتی ناڤین، لە سەر ئەم بڕوایەن کە ئێستا شەڕێکی ناڕاستەخۆ لە سەر کێشەی ئەتۆمی و سوپای قودسی سپوای پاسدارانی ئێران لە عێراق، لە نێوان واشنتۆن و تاران لە ئارادایە و ئەگەری ئەم بابەتەش زۆرە کە شەڕەکە بەرەوە ئاڕاستەیەکی ڕاستەوخۆ و سەربازی بچێ.

رۆژنامەی بەریتانی هەروەها باس لە سازکردنی بنکەیەکی سەربازی لە سنووری ئێران و عێراق و پۆلێمیکی توندی نێوان ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا سەبارەت بە عێراق سەبارەت بە ڕەوانەکردن و نەکردنی چەک لە لایەن سوپای پاستارانەوە بۆ چەکدارانی تیرۆریست و ئاژاوەگێری سونە و شیعە لە عێراق دەکات و دەڵێ: ژەنەراڵ پاتریۆس لە دوایین ڕاپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە عێراق وتوویەتی کە لە نیزێک بەغدا، چەکدارانی لایەنگری ئێران و بە چەک و مووشەکی ئێرانی هێرشی بنکەیەکی سەربازیان کردووە و ئەمەش ئاڕاستەیەکی مەترسیداری بەواوەیە.

ئەوە لە کاتێک دایە کە، چەند سەرچاوەی عەرەب زمان باس لە ئامادەکاری موشەکی ئێران بۆ



بەرەنگاری هەر چەشنە هێرشێکی ئەمریکا و هاوپەیمانانی بۆ سەر خاکی ئەم وڵاتە و دامەزراوە ئەتۆمی و سەربازیەکانی دەکاتەوە و بەم مەبەستەش بە گوێرەی رۆژنامەی عەرەبی "مەلەف" ئێران، زیاتر لە ٦ موشەکی شەهابی و جۆری تری دوورهاوێژی بەرەوە ٦ خاڵی هەستیاری ئیسرائیل نیشانە کردووە و ئامادەی هاویشتنیانە لە ئەگەری ڕوودانی هەر چەشنە هێرشێکی سەربازی بۆ سەر خاکی وڵاتەکەی.

موشەکانە ڕەوانەی ئیسرائیل بکات و لەو خاڵانەی کە موکینە هێرشیان بکرێتە سەر "دامەراوەی ئەتۆمی دیمۆنا"ی ئیسرائیلیش تێدایە و هەروەها تا ٥ موشەکی شەهابی-ی تریش ڕوویان کراوەتە بنکە سەربازیەکانی ئەمریکا لە عێراق و ئێران ئامادەیە لە بەرانبەر "هێرشی پێشدەستانە"ی ئەمریکا، بە هاویشتنی سەدان موشەک بە ئامانجە ئەمریکی و ئیسرائیلیەکان "پارێزڤانی پێشدەستانە" بکات.

**سەرچاوە: مانشێت نیوز**